و/ هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە چونکە ئەوترێت (ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە) بەهۆی ئەمەوە کەس ناچێت توێژینەوەیەکی وا بکات و کەس خەیاڵی بۆی ناچێت کە ئەکرێت ڤاکسین بێت، ئەسڵەن کەس بە ئەگەریش ئەو ئەگەرە دانانێ کە دەکرێت ڤاکسین ڕۆڵێکی لە ڕوودانی ئۆتیزمدا هەبێت تاوەکو توێژینەوەیەکی لەو جۆرە بکات.

پ/ پزیشکەکان تا چ حەدێک لەسەر ڤاکسینەکان و پێکهاتەکانی ئەزانن؟

و/ پزیشکەکان هیچ لەسەر ڤاکسینەکان نازانن جگە لەمە: (ڤاکسینەکان زۆر بەسوودن و مرۆڤایەتیان ڕزگار کردووە و هیچ زیان و کاریگەریەکی لاوەکیان نییە) کە هیچیان ڕاست نین، نە مرۆڤایەتیان ڕزگارکردووە، نە هێندە بەسوودن، نە بێ زیانن! لە زانکۆ پزیشکییەکانیش پێکهاتە و مەلەفە بێشومارەکانی ڤاکسینەکان ناخوێندرێن. ڤاکسین بتی زانستی پزیشکییە، ئەبێت هەمووان کڕنوش بۆ ئەم بتە ببەن و کەس پرسیاری لەسەر نەکات هەرکەسێک لەم بتە بپرسێت ئەبێت چاوەڕێی لێسەنننەوەی شەهادە و فەسڵ کردن و گاڵتە پێکردن بکات، وەک چۆن گەر کڕنوش بۆ بتێک نەبەیت دەکرێت بکوژرێت بەهەمان شێوەش کڕنوش بۆ ڤاکسین نەبەیت دەکرێت فەسڵ بکرێیت، بە پزیشکێک بڵێ کە ڤاکسین جیوە و ئەلەمنیۆم و فۆرمەڵدیهاید و ئەنتیفریز و چەند ئەنتیبایۆتیکێک و MSG یان تێدایە و دڵنیابە ئەحەپەسێیت لەوەی کە قەت نەیزانیوە کە ئەمانەی تیایە.

پ/ توێژینەوە هەیە ئەڵێت منالْ هەیە ڤاکسینی بۆ نەکراوە و ئۆتیزمیشی هەیە کەواتە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە وەڵام بۆ ئەمە چییە؟
ئەم توێژینەوانە حساب بۆ ئەو ڤاکسینانە ناکەن کە دایکەکە لە کاتی سکپڕی کردوویەتی! دەڵێن ئەوەتا منالْەکە ڤاکسینی بۆ نەکراوە و ئۆتیزمی هەیە کەواتە ڤاکسین هۆکار نییە ئەو ڕاستییە نالْێن کە ئەو ڤاکسینانەی دایکەکە لە کاتی سکپڕی دەیکات لە دایکەکەوە دەگات بە وێڵاش و بە کۆرپەکەش
Cross placental barrier
ڤاکسینی ئەنفلۆنزا و DTP هێشتا جیوەیان تێدایە کە دایکەکە دەیکات دەکات بە منالْەکەی ناو سکی (ڕەحمی).

پ/ بەڵام توێژینەوە هەیە کە دەڵێت منالْ هەیە کە نە خۆی ڤاکسینی بۆ کراوە نە دایکی لە کاتی سکپڕیدا کردوویەتی ئەی ئەمە چۆن؟

و/ ئەم توێژینەوانە تەنها بۆ ئەوە ئەکرێن کە بڵێن ئۆتیزم هۆکارەکەی نەزاندراوە کە ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە و هۆکارەکانی ئۆتیزم زاندراون، دایکەکە دەکرێت دەرزی Rhogam ی کردبێت کە ئەمیش جیوە ی تێدایە یان دەکرێت لە ددانەکانیدا پڕکەرەوە Amalgam ی جیوە هەبێت، یان ئەو دەرزی ڤیتامین K یەی کە یەکسەر لە لەدایکبوان دەدرێت ئەلەمنیۆمی تێدایە، ئەم توێژینەوانە ئەمانە هیچ باس ناکەن و تاکە ئامانجیان ئەوەیە بڵێن ئۆتیزم جیناتە.
ساخود دەرزی ستیرۆیدی سنگ.

پ/ ئەگەر ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمە و ئەشاردرێتەوە ئەی چۆن ئەو هەموو دایک و باوکانەی منداڵی ئۆتیستیک یان هەیە نایزانن؟ چۆن هەستی پێناکەن؟ چۆن هەست ناکەن منداڵەکە دوای ڤاکسین وای لێ یەت؟
و/ لەبەرئەوەی ڤاکسینەکە زوتر لەوەی منداڵەکە فێری قسە ببێت زیانەکەی ئەگەیەنێت و زۆر دیار نابێت بۆ دایک و باوکەکە، گەر دایکەکە کاتی سکپڕی ڤاکسین بکات ئەوە جیوە و ئەلەمنیۆم و پێکهاتەکانی تری ڤاکسینەکە دەگات بە مێشکی منداڵەکە پێش ئەوەی لەدایک بێت و کە لەدایک بوو تەواو زیانەکە بە مێشکی گەیشتووە و وائەزانن هەر خۆی وابووە و جیناتە و هۆکاری نەزاندراوە، کە لەدایک ئەبێت ڤاکسینی بۆ ئەکەن و دەرزی ڤیتامین K پڕ لە ئەلەمنیۆمی بۆ ئەکەن ئەکرێت لێرەدا زیان بە مێشکی منداڵەکە بگات کە دایک و باوک هەستی پێناکەن، ئەو

ڤاكسينانەی پێش فێربوونی قسەكردن لەلایەن منداڵەكەوە دەكرێن زۆر كەم گومانیان دەچێتە سەر، ڤاكسینی MMR كە درەنگتر دەكرێت و هەندێک منداڵ فێری زمان تاحەدێک بوون و وش و وردە ڕستە دەڵێن ئەمیان تا حەدێكی زیاتر هەستی پێئەكرێت كە منداڵ توشی ئۆتیزم ئەكات، زۆر دایک و باوک گومان ئەكەن كاتێک ئەبینن منداڵەكەیان گەشە و فێربون و توانای زمانی عەیبی نەبووە دوابەدوای ڤاكسینەكە یەكسەر گۆڕاوە بەس كە ئەپرسن پێیان ئەوترێت نا ڤاكسینەكان هیچ زیانێكیان نییە ئیتر ئەوانیش واز ئەهێنن و زیاتر بەدوایا ناڕۆن.

پ/ ڤاكسین هۆكاری ئۆتیزم نییە بەڵكو نیشانەكانی ئۆتیزم لەو كاتەدا بە سوتفە دەرئەكەون كە ڤاكسین دەكرێت ئیتر خەڵكی گەمژە هەن بە هەڵە وا ئەزانن ڤاكسین هۆكاری ئۆتیزمە ئەگینا خۆی سوتفەیە؟
و/ بەڕاست؟ هەر زۆر بەراست؟ ئەگەر منداڵەكەت لەسەر شۆستەیەک وەستابێت و پاڵی پێوەبندرێت و بكەوێت و سەر و لوتی بە قایمی بیدا بە شۆستەكەدا و كاتێک هەڵت ستاندەوە خوێن لە لوتی بێت ئەو كاتە ئەڵێیت منداڵەكەم بەهۆی ئەوەی بەقایمی لووت و سەری بەر شۆستەكە كەوت خوێن لە لووتی یەت یان ئەڵێیت ئەمە سوتفەیە و خۆ منداڵ لووتی هەر ئەپژێت؟ گەر داخڵ كردنی جیوە و ئەلەمنیۆم و خانەی تەواوی بەكتریای كۆكە ڕەشە Whole-Cell ڕێک بۆ سوڕی خوێنی منداڵەكەت هۆكاری ئۆتیزم نییە ئێ دە كەواتە گەر منداڵەكەشت بۆكسێكی لێبدرێت و دوای ئەوە لووتی بپژێت ئەمە مانای ئەوەیە لووت پژانەكەی سوتفە بووە و بەهۆی بۆكسەكەوە نەبووە!

پ/ جیوە ناكرێت زیانبەخش بێت لە ڤاكسیندا چونكە بە سروشتی بە بڕێكی زۆر كەم لەگەڵ خواردندا زۆربەمان دەیخۆین
و/ زانیوتە گەر ژەهری مار لە مارێک وەربگریت و بیخۆیتەوە هیچت لێنایەت بەڵام گەر مارەكە پێتەوە بدات و ژەهرەكەی داخڵی سوڕی

خوێنت بکات دەکرێت بتکوژێت؟ خواردنی ژەهرێک جیاوازە لە داخڵکردنی ژەهر بۆ ناو سوڕی خوێن لە ڕاستیدا جیوە هێندە ژەهراویە کە بە خواردنیش زیانبەخشە بەس هەم بڕەکەی زۆر کەمە هەم ترشی گەدە گۆڕانکاری بەسەر دەهێنێت و هەم دەکرێت هەمووی هەڵنەمژرێت و نەگات بە سوڕی خوێن بەس لە دەرزی لێداندا (ڤاکسین) ڕێک هەموو بڕەکە بە یەکجار داخڵی سوڕی خوێن دەکرێت. چیرۆکی Minamata بخوێنەوە کە چۆن پیسبوونی ئاو بە جیوە و خواردنیشی دەکرێت هەر ژەهراوی و زیانبەخش بێت.

پ/ دکتۆرەکەم ئەڵێت ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە کەواتە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە
و/ دکتۆرەکەت نازانێت.

پ/ زۆر ئەبیستم ئەڵێن شاشە و ئایپاد و مۆبایل هۆکاری ئۆتیزمن؟
و/ بە هیچ شێوەیەک! ئۆتیزم زیانێکە کە بە مێشک گەیشتبێت (بۆ نمونە بەهۆی جیوەی ڤاکسین) سەیرکردنی شاشە وا لە مێشک ناکات! ئەمە مانای ئەوە نییە سەیرکردنی شاشە بۆ مناڵ شتێکی باش و بەسوود بێت تەنها مانای ئەوەیە کە سەیرکردنی شاشە بەهیچ شێوەیەک هۆکاری ئۆتیزم نییە.

پ/ خۆ لە پێش ڤاکسینیش ئۆتیزم هەبووە؟
و/ بەڵێ ئەوانیش ژەهێاویبوون بوون بە جیوە و ئەلەمنیۆم و heavy metals

پ/ چۆن شتی وا ئەبێت هیندستان ڤاکسینێکی خراپ خۆی بەرهەمی بهێنێت و بۆخۆشی بەکاری بهێنێت؟

و/ پرسیارێکیشی جوانە، ئەتوانین بە پرسیارێکی تر جوابی بەینەوە! لە ئینتەرنێت بگەڕێ و بنوسە (چەنێک لە دانیشتوانی هیندستان تەوالێتیان نییە لە ماڵدا؟) هەروەها بگەڕێ بۆ (چەنێک لە دانیشتوانی هیندستان فەقیرن و پارەی ڕۆژانەیان کەمتر لە دۆلارێکە؟). ئینجا دوای ئەمەش بگەڕێ بۆ ئەوەی ئەو موشەکەی ناردیان (بەحساب 🤡) بۆ سەر مانگ (Chandrayaan-3) چەندی تێچووە! ئیتر خۆت وەڵامەکەت دەست ئەکەوێت. 😉

هەندێک پرسیار کە شایەنی ئەوەن لە خۆتی بپرسیت:
- بۆچی ڤیدیۆکانی Luc Montagnier کە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بوو کە لە دژی ڤاکسینەکانی کۆرۆنا قسەی ئەکرد هیچی لە یوتوب نین؟ بە دەیەها ڤیدیۆی هەیە پێش ئەوەی بکوژرێت کەچی یەک دانەشیان لە یوتوب نادۆزرێنەوە بەس لە وێبسایتەکانی تری وەک Bitchute و Odysee هەن؟ یاخود ئەو ڤیدیۆ و دۆکیۆمێنتاریانەی لەبارەی دژی ڤاکسینەوە هەن؟

- بۆچی پزیشکەکان لە کاتێکدا کە پێکهاتەی ڤاکسینەکان نازانن ئەڵێن سەلامەتە؟ ئەگەر پزیشکەکان زانستییانە کار ئەکەن نابێت لەبارەی زانستەکەیانەوە بزانن؟ نابێت زانستیانە بیسەلمێنن کە Thimerosal ی ناو ڤاکسین سەلامەتە پێش ئەوەی وا بڵێن؟

کتێبی

Thimerosal Let The Science Speak

کتێبێکی نایاب دەربارەی کاریگەرییە خراپەکانی جیوەی ناو ڤاکسین.

- بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵە و سەرفکردنی (لە ڕاستیدا بەفیڕۆدانی) ملیۆنان/بلیۆنان/ترلیۆنان دۆلار لە توێژینەوە و کۆنفرانسی هۆکاری ئۆتیزمدا سەرفکراوە کەچی تائێستا هۆکارەکەی نازانن؟ ئەگەر هۆکارەکەی جیناتە کوا ناوی جین/جینەکان و لەسەر کام کرۆمۆسۆمەن؟ ئەگەر هۆکارەکەی شتێکی ترە کوا ناوی و سەلماندی بە توێژینەوە؟ بۆ لە خۆت ناپرسیت کە دەکرێت هۆکارەکەی ڤاکسین بێت و بەس نایانەوێت کەس توێژینەوە لەو لایەوە بکات!

- ئەگەر ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە ئەی کەواتە بۆ توێژینەوەی دوبارەکردنەوەی سەلماندن Duplicate نەکراون لێرە لە کوردستان تاوەکو ئەو قسەیە دوبارە بسەلمێنینەوە کە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە؟

- یەکێک ئەڵێت مەتعەمێک ناخۆشە ناچیت بۆی ئیتر، یەکێک ئەڵێت فلان خاوەن دوکان گرانجانە ناچیت بۆ ئەو دوکانە، کەچی ئەو هەموو خەڵک

و ڕێکخراوە هەن بە چەندین توێژینەوە و بەڵگە دەیسەلمێنن کە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمە کەچی بەلایەنی کەمەوە ئەو ئەگەرە دانانێیت کە ئەکرێت ڤاکسین هۆکار بێت یان ڕۆڵێکی تێیدا هەبێت؟

- جیوە لە هیچ شتێکا سەلامەت نییە، نە لە ئاودا، نە لە ماسیدا، نە لە گڵۆپدا، نە لە گەرمی پێودا، نە لە پڕکەرەوەی ددانددا کەچی لە ڤاکسینا سەلامەتە؟ ئەمە چەنی بە چەن؟

- ئەگەر ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە، ئەی بۆ لەسەر وەرەقەی هاوپێچی ڤاکسینەکان لە بەشی کاریگەری لاوەکی نوسراوە؟ ئەی بۆ ستانلی پلۆتکین کە بە باوکی ڤاکسین دادەندرێت خۆی ئەڵێت لەپێناو وەرگرتنی پارەیەکی زۆر شاردومانەتەوە کە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمە؟
هەوەها Maurice Hilman یش، بۆچی لە CDC دەیەها کەسی خۆیان هاتۆتە دەرەوە و وتویانە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمە؟ ئەگەر ڤاکسین هۆکار نییە ئەی بۆ کەسانی خۆیان ئەڵێن کە ڤاکسین هۆکارە؟

- گەر ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزم نییە بۆچی Vaccine Adverse Event Reporting System (VAERS) بوونی هەیە لەساڵی ١٩٩٠ ەوە ملیۆنان دۆلاری تا ئێستا داوە بەو خێزانانەی کە شکایەتیان کردووە و وتویانە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمی منداڵەکانمانە؟

- شی کردنەوەی کەیسی Hannah Poling، کەس ئەتوانێت ڕەتی بکاتەوە کە چەنێک ئاشکرایە کە ڤاکسین بۆتە هۆی ئۆتیزمی هانا؟

- بۆچی ئەو هەموو بەڵگەفیلمە دژی ڤاکسینەکان هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لە یوتیوب نادۆزرێنەوە؟ گەر یوتیوب پلاتفۆرمێکی سانسۆر کراو نەبێت ئەمە بۆچی وایە؟ گەر پێت وایە هۆکارەکەی مافی پاراستنە هەڵەیت، چونکە دەرهێنەرەکانیان خۆیان دەیانەوێت بڵاوی بکەنەوە بەس لە یوتیوب ئەپڵەودیان بکەیت یەکسەر دەسڕدرێنەوە.

- ئەگەر جیوەی ناو ڤاکسین سەلامەتە بۆ لە وڵاتانی تر قەدەغە کراوە و لابردراوە؟

- ئەگەر Whole Cell Pertussis سەلامەتە بۆ لە وڵاتان لابراوە چونکە منالّی توشی فێ و گەشکە کردووە؟

- کەمینەی خەڵک ڤاکسینی کۆرۆنای کرد کەواتە کۆرۆنا چۆن نەما؟

- گەر ئەلەمنیۆم زاندراوە کە Neurotoxin ە ژەهراوییە بۆ کۆئەندامی دەمار و لە معەتەڕی بتدنباڵدا نوسراوە پێش بەکارهێنانی پزیشک ئاگادار بکەوە گەر کێشەی گورچیلەت هەیە گەر دەزانین ژەهراوییە بۆ لە ڤاکسیندا ئاساییە بکرێتە سوری خوێنەوە

زۆر کەس ڕەنگە بپرسن چۆن شتێکی هەڵە هێندە بە ئاشکرا ئەکرێت، کەواتە ئەمەیان بخوێنەوە:
نمونەیەکی تر بۆ دەرمانێک کە بە هیچ شێوەیەک یەک تاکە سوودیشی نییە و بەس زیانی هەیە دەرمانی Oseltamivir کە ناوە براندەکەی Tamiflu یە، ئەم دەرمانە گوایە دەکرێت بۆ ئەنفلۆنزای A و B بەکاربهێندرێت و کاریگەریە (بەحساب) لاوەکیەکانی ئەمانەن: تێکدانی کارەبای دڵ، هەوکردنی جگەر، حەساسیەتی توند، فێ، خراپکردنی شەکرە لە کەسێکا کە هەیبێت، تێکدانی باری دەرونی و سەرلێشێوان، خوێنهاتن لە ڕیخۆڵە، ڕشانەوە، سکچوون، لەدەستدانی توانای خەوتن و هتد.... چی؟ هەر زۆر بەجدیانە؟ ئەم کاریگەریانە لە زۆرینەشدا دەرئەکەون نەک کەمینە، باشە کەسێک ئەنفلۆنزای هەبێت چاوەڕێ بکات خۆی چاک بێتەوە باشترە یان ئەم دەرمانە بخوات و خوێن لە ڕیخۆڵەی بێت و گەشکە لێی بات؟ کەمێک کات تەرخان بکە بۆ خوێندنەوەی لەسەر ئەم دەرمانە، بە ئینتەرنێت بنوسە Tamiflu Lawsuit و ببینە چەند جار شکایەت کراوە لەسەر ئەم دەرمانە هەر بە ئاشکرا گەڕان بەدوای ئەم دەرمانەدا ئەمە دەهێنێت (زیانەکانی زیاترن لە سوودەکانی)، ئەوەی ڕاستی بێت هیچ سودێکی نییە تا زیان لێی زیاتر بێت بەڵکو سودەکانی سفرە و زیانەکانی عەجیب زۆرە. ئەم دەرمانە کە ئەشزانرێت هیچ سودێکی نییە بە ئاشکرا بەکاردەهێندرێت و هەیە و دەشدرێت بەو کەسانەی کێشەی تری تەندروستیان هەیە ڕێک تەندروستیان وێران ئەکات و کەسیش ناپرسێت ئەگەر ڕەم دەرمانە هیچ سودێکی نییە و قەت

یەک توێژینەوەش نەکراوە زیانەکانی سودەکانی پشان بدات ئیتر ئەسڵەن بۆ هەیە؟
هەندموو دەرمانە دژە ڤایرۆسەکانی ئەنفلۆنزا و کۆرۆنا بە هەمان شێوەن وەک: Darunavir، Amantadine, Laninamivir, Peramivir, Rimantidine, Umifenovir, zanamivir....
قەت باوەڕ ئەکەیت ئەم دەرمانانە هەن و بەکاردەهێندرێن و بەس زیانیان هەیە و هیچ سودێکیان نییە؟ هەروەها phenylephrine یش.

وەرگری خەڵاتی نۆبڵ لوک مۆنتانیەی پێش ئەوەی بکوژرێت دانی پێدا نا کە ڤاکسینەکان و دەرمانە ژەهراویەکانی دژەڤایرۆس هۆکاری ڕاستەقینەی نەخۆشخستنی خەڵکین.
دەرمانێکی دژەڤایرۆس کە لە کاتی کۆرۆنادا بەکاردەهات ناوی Remdesivir بوو ئەم دەرمانە جگە لەوەی هیچ سودێکی نییە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کوشت بەهۆی ئەوەی گورچیلەی ئەوەستانۆن هێند ژەهراوی و بێسوود بوو کە وڵستان لە بەکارهێنانی بەڵام ئێستا.
گەڕانێکی ئینتەرنێت بکەیت بە ئاسانی نایدۆزیتەوە کە چەنێک زیانبەخشە و داوا ئەکرێت هەر بەکاربهێندرێت 🤡

Remdesivir Stopped Kidney Function in COVID Patients — So ...
childrenshealthdefense.org

EN

the Defender
CHILDREN'S HEALTH DEFENSE NEWS & VIEWS

DONATE FREE SIGNUP

CHD COVID BIG PHARMA BIG TECH BIG CHEMICAL

Order Now! "The Wuhan Cover-Up" by RFK Jr.!

08/09/23 • COVID • BIG PHARMA › VIEWS

Remdesivir Stopped Kidney Function in COVID Patients — So Why Did FDA Approve It for Kidney Patients?

Health officials claimed remdesivir would stop COVID-19 — instead, it stopped kidney function, then blasted the liver and other organs. So why did the U.S. Food and Drug Administration approve the drug for people with kidney disease?

By Brownstone Institute

37

Miss a day, miss a lot. *Subscribe to The Defender's Top News of the Day.*

وەک چۆن ئۆتیزم ئێستاکە ئاسایی کراوەتەوە و ئەڵێن هۆکار نەزانراوە (کە ڤاکسینیشە)، ئێستاکە ئەو ڤاکسینانەی بۆ کۆرۆنا دران کە ئەبنە هۆی جەڵدەی دڵ بەهەمان شێوە ئەوترێت کە هۆکار نەزانراوە:

تکایە با پێکەوە نەهێڵین جەڵدەی دڵ ئاسایی بکەنەوە وەک چۆن ئۆتیزم ئاسایی کراوەتەوە:

گەر لەم ماوەیەدا بیستت کە جەڵدەی دڵ لە گەنجاندا ڕێژەکەی زۆربووە ئەوە تکایە بزانە هۆکارەکەی ڤاکسینە:

هەندێک زانیاری لەسەر مەترسییەکانی ڤاکسینکردن لێرە (ئەمانە لە بنکەیەکی تەندروستی هەڵەبجە تۆمار کراون):

١. هەر شوشە (vial) ی ڤاکسینێک و ڕێژەیەکی جیای لە پێکهاتە تێدایە.

٢. هەر منداڵە و لە شوێنێکی جیای ماسولکەکەی ئەدرێت، واتە کە ئەوترێت ڤاکسین لە سەر شان ئەدرێت هەر مناڵە و لە بەشێکی سەر شانی ئەدرێت.
٣. هەر مناڵە و دەرزییەکەی بە قوڵیەک لێئەدرێت واتە دەرزیەکە تا حەدی جیاواز داخڵ ئەکرێت
٤. هەر مناڵە و ڕێژەیەکی جیا لە پێکهاتەکانی ناو ڤاکسینەکە وەر ئەگرێت بەپێی ئەوەی ڤاکسینەکە ڕاوەشێندراوە یاخود نا.
٥. هەر مناڵە و ڕێژەیەکی جیا لە پێکهاتەکانی ڤاکسینەکە وەرئەگرێت بەپێی ئەوەی دەرزییەکە تا چ قوڵیەک داخڵی شوشە (ڤایەڵەکە) ئەکرێت.
٦. هەر مناڵە و کێشێکی جیای هەیە بۆ نمونە هەیە لە کاتی وەرگرتنی ڤاکسینێک ٢ کیلۆیە بەڵام دانەیەکی تر ٤ کیلۆیە. واتە dose-adjustment ناکرێت، نەک ناکرێت بەڵکو هەر بونیشی نییە لە هیچ شوێنێک* (ئەمە بۆ تەمەنی مناڵەکەش ڕاستە).
٧. ئەو مناڵانەی بنەوەی ڤاکسینەکە وەرئەگرن ڕێژەی پێکهاتەی جیاواز (وە بە ئەگەرێکی زۆرەوە زۆرتر وەرئەگرن) تەنانەت گەر هاتبێت شوشە ڤایەڵەکە ڕاشوەشێندرابێت، بەتایبەتی گەر تەنها خوار کرابێتەوە.
٨. کە دەرزیەکە داخڵی ڤاکسینەکە ئەکرێت بۆ سەحبکردن ڕێژەی جیا سەحب ئەکرێت، واتە ئەو کەسەی سەحبی ئەکات بە وردی (نەک بە وردی بەڵکو هیچ) سەیری خەتە ڕەشەکانی دەرزییەکە ناکات تاوەکو بزانێت چەنێکی سەحب کردۆتە ناوەوە.
خەتی ڕەش = Dosage line on plunger
٩- هەرچەندە ئەمەیان کەمتر ڕووئەدات هەندێکجار کە دەرزییەکە داخڵئەکرێت بۆ injection بەتەواوی plunger ەکە ناگاتە بنکی barrel ەکە، واتە پەنجەی ئەسپێ کوژە (پەنجە گەورەی دەست) لەسەر Thumb rest زووتر هەڵ ئەگیرێت پێش پاڵنان بەتەواوەتی و گەیشتن بە بنکی barrel ەکە. ئەمەش هۆکارەکەی ئەو خێراییە شێتانەیە کە کارمەندەکە هەیەتی، کێشەکەی ئەوەیە ڤاکسینی زیاتر خەسار ئەکات.

١٠. هەر منالْه و بە Vial coring ێکی جیاوە ڤاکسینەکەی بۆ ئەکرێت.

گەر ئەپرسیت بۆچی چییە؟ ئەمانە هیچی ڕاست نین و هیچیان ڕوونایەن یاخود هیچی وا نین و لەو خاڵانەیە زۆر بە گەورە کراوی باس کراون هەر هەموویان ڕوو ئەدەن،

١. بە فەرمی هەر ڤایەڵێکی ڤاکسین ڕێژەیەکی جیای لە پێکهاتەکان تێدایە، ئەتوانیت بگەڕێیت بۆ ڕێژەی ئەنتیبایۆتیک لە ڤاکسینەکان و بە فەڕمی کۆمپانیا دروستکەرەکان دانی پیا ئەنێن کە هەر شوشەیە و ڕێژەیەکە، ئەمە ڕاستە بۆ پێکهاتەکانی تری وەک جیوە Thimerosal و ئەلەمنیۆم.

٢. زۆر منالْ هەن کە قۆڵی جلەکانیان تا حەدێک هەڵئەکردرێت و بەشێکی دیاریکراوی قۆڵیان بەدەرئەکەوێت بۆ ڤاکسینەکە، وە گەر جلەکەش هۆکار نەبێت منالْەکە هەموو قۆڵی دیاربێت ئەو کارمەندەی ڤاکسینەکە ئەکات هەر جارە و لە شوێنێکی قۆڵ ئەیکات.

٣.لەبەئەوەی ئەوەنە بەخێرایی ئەکرێت هەر یەکە و قوڵیەکە، هەروەها گرتنی لایەکانی قۆڵیش و بەرزکردنەوەی ماسولکەکەش قوڵیەکە ئەگۆڕێت.

٤. بۆ نمونە لەسەر ڤاکسینی پێنجی Pentavalent نوسراوە shake well before use باش ڕایبوەشێنە پێش بەکارهێنان کەچی کارمەندەکان نایکەن، یاخود تەنها خواری ئەکەنەوە لە کاتێکا تۆزی نیشتووی بنکی ڤایەڵەکە بە ئاشکرا دیارە.

٥. بەڵێ ئەمەیان هەر زۆر ڕاستە کارمەندەکە دەرزییەکە needle ەکە ئەکرێت تا سەرەوە، ناوڕاست یاخود بنکی شوشەی ڤاکسینەکە بەرێت و ئینجا سەحب بکات، یاخود هەر کە دەرزییەکەی داخڵی ڤایەڵەکە کرد و vial coring ی کرد دەست بکات بە سەحب کردن تا بەرەوە بنکی ڤایەڵەکە، واتە لە سەرەوە تا خوارەوە سەحب ئەکات، گەر ڤایەڵەکە

ڕانەوەشێندرابێت ئەکرێت کە ئەگاتە بنکەکە سەحب بکات تۆزێکی نیشتووی زۆر سەحب بکات.

٦. لە کاتی ڤاکسینکیردندا هەر منداڵە و کێشێکی هەیە، هەمان بڕ dose بۆ منداڵێک ئەکرێت کە ٤ کیلۆ بێت و بۆ دانەیەک کە ٩ کیلۆ بێت. ئەمە ڕاستە بۆ دەرزی ڤیتامین K یش، هەروەها بۆ تەمەنیش وەک چەن جارێک لەم نووسراوەدا باسکراوە هەر منداڵە و لە کاتی ڤاکسینکردندا تەمەنێکە بەهۆی ئەوەی دایکێک زووتر (یان درەنگتر) منداڵەکەی ئەبا، باسی منداڵی pre-mature یش لەولاوە بوەستێت.

٧.بەڵێ چونکە تۆزە و ئەنیشێت و باش ڕاناوەشێندرێت تەنانەت بە ڕاوەشاندنیش هەر بنەوەی ڤاکسینەکە ئەکرێت ڕێژەی Thimerosal ی زیاتربێت.

٨. بە دەگمەن کارمەندەکان سەیری Plunger line بکەن.

٩. ئەمە شایەنی باوەڕپێکردن نییە وە هەتا خۆت نەیبینیت باوەڕناکەیت کە شتێکی وا ئەسڵەن ئەکرێت ڕووبدات.

١٠. بەپێی ئەوەی ئەو دەرزیەی پێشتر چۆن داخڵ کراوە لە vial stopper ەکە وە ئەو دەرزیەی بۆ منداڵەکەی ئێستا ئەکرێت لە کوێی Vial stopper ەکە داخڵ ئەکرێت ئەگەری Contamination ئەگۆڕێت. ئەوە لەبیر نەکەین کە بیرکردنەوە لەلایەنی تەعقیم هەر نییە و ئەگەری contamination زۆر زۆر بەرزە، ئەمە بەتایبەتی ڕاستە چونکە Thimerosal باش نییە وەک preservative.

CDC Study Accidentally Finds That Thimerosal (Mercury) Remains in the Body Far Longer Than Previously Believed

FEBRUARY 23, 2017 AT 1:34 PM
The Daily Sheeple / NaturalNews Network

لەوانەیە ئەمانە شێتانە بن بۆ خوێندنەوە و لە ڕاست نەچن بەڵام بینینی ئەوەی لە بنکەیەک چۆن ڤاکسین ئەکرێت و چەنێک بە هەڵەشەیی و خێرایی و بێئاگاییەوە ئەکرێت هەموو ئەمانە ئەکرێت بە چاوی خۆت ببینیت.

وە باسی ئەوەش گرنگە بکرێت کە لێرە کارمەندەکان هێندە کەمتەرخەمن ئەکرێت مناڵێک ڤاکسینی دوو مانگی هەبێت ئەمان چوار مانگی بۆ بکەن یاخود منداڵ ئەکرێت حەفتەیەک زووتر پێش کاتی خۆی بێتەوە و کارمەندەکان ئەڵێن مادەم تازە هاتوویت کێشە نییە ڤاکسینەکەت بۆ ئەکەین (بەبێ گوێدانە ئەو ڕاستییەی کە منداڵەکە هێشتا جیوە و ئەلەمنیۆمی ڤاکسینەکەی پێشووی تێدا ماوە).
بە ئاشکرا داوا دەکرێت کە گەر مناڵێکی تای هەبێت ڤاکسینی بۆ نەکرێت کەچی مناڵەکان تاشیان هەبێت لێرە بۆیان ئەکرێت.

لە ئینتەرنێت بگەڕێ یو سیفەتەکانی جیوە Thimerosal ی ڤاکسن، بنوسە:
Is Thimerosal Water soluble + is Thimerosal Lipid soluble

واتە ئایە جیوەی ڤاکسین لە ناو ئاو و لە ناو چەوریدا دەتوێتەوە؟

وەڵامەکەی دەستت دەکەوێت بەڵێیە، واتە گەر بە دەرزی ڤاکسین جیوە بکرێتە ناو لەشەوە ئەم لە تەواوی سوڕی خوێندا بڵاودەبێتەوە کە زۆرینەی ئاوە، هەم دەگات بە ئەندامەکان کە بەشێکی باشیان لە چەوری Lipid پێکهاتووە بو پەردەی خانەکانیانی چەورییە، وە مێشکی مرۆڤ زۆربەی پێهانەکەی چەوریە بگەڕێ بنوسە
How much of human brain is made from fat
وەڵامەکەی لە سەدا شەست ٦٠ دەبێت.
ئەمەش واتە جیوەی ناو ڤاکسین هەم لە تەواوی خوێندا بڵاو دەبێتەوە هەم بەرەو هەموو ئەندامەکان دەڕوات بەتەیبەتی مێشک کە چەورترین ئەندامی جەستەیە.

هەروەها گەڕانێک بکە بۆ:
does thimerosal pass blood-brain barrier
و
Does thimerosal reach brain
و
Is thimerosal a neurotoxin
بە واتای: ئایە جیوەی ڤاکسین دەگات بە مێشک و ئایە جیوەی ڤاکسین ژەهراوییە بۆ دەمارەخانەکان
ئەو وەڵامانەی دەستت دەکەوێت بەڵێن و جیوە دەگات بە مێشک، هەر ئەم زانیاریە دەبێت بتتاسێنێت، چونکە ئەو خوێنەی بۆ مێشک دەچێت بە بەربەستێکدا تێدەپەڕێت بە ناوی Blood-brain barrier، واتە هەموو ئەو ماددانەی لە خوێندا هەن ناگەن بە مێشک، ئەو بەربەستەی مێشک دەیانپاڵێوێت و ڕێگە نادات بگەن پێی، بۆ نمونە زۆر پرۆتینی جەستە خۆشی ناگەن.

ئەمە وەرەقەیەکە کە لەگەڵ ڤاکسینەکاندا هەیە و بە ئاشکرا نوسراوە کە ڤاکسین هۆکاری ئۆتیزمە:

Page 11 of 13

In the German case-control study and US open-label safety study in which 14,971 infants received Tripedia vaccine, 13 deaths in Tripedia vaccine recipients were reporte[illegible] Causes of deaths included seven SIDS, and one of each of the following: enteritis, Leigh Syndrome, adrenogenital syndrom[illegible] cardiac arrest, motor vehicle accident, and accidental drowning. All of these events occurred more than two weeks post imm[illegible]ization.[2] The rate of SIDS observed in the German case-control study was 0.4/1,000 vaccinated infants. The rate of SIDS obser[illegible] in the US open-label safety study was 0.8/1,000 vaccinated infants and the reported rate of SIDS in the US from 1985-1991 wa[illegible].5/1,000 live births.[34] By chance alone, some cases of SIDS can be expected to follow receipt of whole-cell pertussis DTP[35] or D[illegible] vaccines.

Additional Adverse Reactions:

- As with other aluminum-containing vac[illegible]es, a nodule may be palpable at the injection sites for several weeks. Sterile abscess formation at the site of injection has be[illegible] reported.[3,36]
- Rarely, an anaphylactic reaction (ie, [illegible]s, swelling of the mouth, difficulty breathing, hypotension, or shock) has been reported after receiving preparations co[illegible]ining diphtheria, tetanus, and/or pertussis antigens.[3]
- Arthus-type hypersensitivity reactions, [illegible]racterized by severe local reactions (generally starting 2-8 hours after an injection), may follow receipt of tetanus toxoid.
- A few cases of peripheral [illegible]ononeur[illegible]thy and of cranial mononeuropathy have been reported following tetanus toxoid administration, although a[illegible]lable evidence is inadequate to accept or reject a causal relation.[37]
- A review by the Institute o[illegible]edicine (IOM) found evidence for a causal relationship between tetanus toxoid and both brachial neuritis and Guillain-Barré [illegible]drome.[37]
- A few cases of demyelinat[illegible] diseases of the C[illegible]e been reported following some tetanus toxoid-containing vaccines or tetanus and diphtheria toxo[illegible], although the IOM concluded that the evidence was inadequate to accept or reject a causal relationship.[37]

Adverse events reported during post-approval use of Tripedia vaccine include idiopathic thrombocytopenic purpura, SIDS, anaphylactic reaction, cellulitis, autism, convulsion/grand mal convulsion, encephalopathy, hypotonia, neuropathy, somnolence and apnea. Events were included in this list because of the seriousness or frequency of reporting. Because these events are reported voluntarily from a population of uncertain size, it is not always possible to reliably estimate their frequencies or to establish a causal relationship to components of Tripedia vaccine.[2]

Reporting of Adverse Events

The National Vaccine Injury Compensation Program, established by the National Childhood Vaccine Injury Act of 1986, requires physicians and other health-care providers who administer vaccines to maintain permanent vaccination records of the manufacturer and lot number of the vaccine administered in the vaccine recipient's permanent medical record along with the date of administration of the vaccine and the name, address and title of the person administering the vaccine. The Act (or statute) further requires the health-care professional to report to the Secretary of the US Department of Health and Human Services, the occurrence following immunization of any events set forth in the statute or the Vaccine Injury Table, including anaphylaxis or anaphylactic shock within 7 days; encephalopathy or encephalitis within 7 days, brachial neuritis within 28 days; or an acute complication or sequelae (including death) of an illness, disability, injury, or condition referred to above, or any events that would contraindicate further doses of vaccine, according to this Tripedia vaccine package insert.[38,39]

Reporting by parents or guardians of all adverse events after vaccine administration should be encouraged. Adverse events following immunization with vaccines should be reported by health-care providers to Vaccine Adverse Event Reporting System (VAERS). Reporting forms and information about reporting requirements or completion of the form can be obtained from VAERS through a toll-free number 1-800-822-7967.[38,39]

Health-care providers also should report these events to the Pharmacovigilance Department, Sanofi Pasteur Inc., Discovery Drive, Swiftwater, PA 18370 or call 1-800-822-2463.

DOSAGE AND ADMINISTRATION

Parenteral drug products should be inspected visually for extraneous particulate matter and/or discoloration prior to administration whenever solution and container permit. If these conditions exist, the vaccine should not be administered.

SHAKE VIAL WELL *before withdrawing each dose*. After shaking, the vaccine is a homogeneous white suspension. Inject 0.5 mL of Tripedia vaccine intramuscularly only. The preferred injection sites are the anterolateral aspect of the thigh and the deltoid muscle of the upper arm. The vaccine should not be injected into the gluteal area or areas where there may be a major nerve trunk.

Before injection, the skin over the site to be injected should be cleansed with a suitable germicide. After insertion of the needle, aspirate to ensure that the needle has not entered a blood vessel.

Fractional doses (doses <0.5 mL) should not be given. The effect of fractional doses on the frequency of serious adverse events and on efficacy has not been determined.

Do NOT administer this product intravenously or subcutaneously.

Immunization Series

A 0.5 mL dose of Tripedia vaccine is approved for administration to infants and children 6 weeks to 7 years of age (prior to seventh birthday) as a five-dose series. The series consists of a primary immunization course of three doses administered at 2, 4, and 6 months of age, followed by two booster doses, recommended at 15 to 18 months of age, and at 4 to 6 years of age, respectively.[15] The customary age for the first dose is 2 months of age, but it may be given as early as 6 weeks of age. The recommended interval between the first three doses is 8 weeks, with a minimum interval of 4 weeks.[14] The recommended interval between the third and fourth dose is 6-12 months.[15] The fifth dose is recommended before entry into kindergarten or elementary school, and is not needed if the fourth dose was given after the fourth birthday.[15]

لەمەش خراپتر، ڕێکخراوی تیرۆرستی دژە-تەندروستی W.H.O ڕێگە دەدات کە ڤاکسینێکی زۆر مەترسیدار Pentavalent کە مناڵ ئەکوژێت بەکاربهێندرێت

چەند لینکێک کە پشانی دەدات ڤاکسینی پێنتەڤالێنت چەندین جار قەدەغە کراوە لە چەندین وڵاتی جیاواز:

:Pentavalent vaccine kills
https://www.downtoearth.org.in/news/pentavalent-takes-its-toll-40196

Infant death increased in India following Pentavalent :vaccination
https://www.newsclick.in/infant-deaths-following-vaccination-doubled-india-after-pentavalent-says-study?amp

:Pentavalent vaccine kills
https://www.thenewsminute.com/article/another-newborn-dies-mandya-allegedly-after-being-administered-pentavalent-vaccine-79173

The terrorist organization of WHO lies and hides the :fact that Pentavalent vaccine kills children
https://sundayguardianlive.com/news/7314-237-deaths-pentavalent-vaccine-and-still-counting

:Pentavalent vaccine kills
https://www.medindia.net/news/pentavalent-vaccine-kills-more-children-than-dpt-vaccine-177937-1.htm

:Pentavalent vaccine kills

https://www.greaterkashmir.com/health/doctors-raise-red-flag-for-pentavalent-vaccine

:!Killed by Pentavalent vaccine not SIDS
https://www.dnaindia.com/india/report-pentavalent-vaccine-caused-more-deaths-than-dpt-study-2594255/amp

:Genocide by pentavalent vaccine
https://m.economictimes.com/industry/healthcare/biotech/healthcare/supreme-court-seeks-centres-reply-on-plea-to-ban-pentavalent-vaccine/articleshow/22223639.cms

هەندێک هەڵەی دیکە و زیانەکانی زانستی پزیشکی:
زانستی پزیشکی بەنزیکەیی هەرشتێک کە بەرامبەر ژن و ئافرەت ئەنجامی ئەدات هەڵە و زیانبەخش و بێسوودە، بەڵام هەمووی بە زانستی و بەسوود و ڕێگری کەر لە نەخۆشی دەبیندرێت، هەڵەکانی زانستی پزیشکی بەرامبەر ئافرەتان هێندە زۆرە کە گەر کەسێک هەوڵ بدات باسی بکات نازانێت لەکوێوە دەست پێبکات: دەوترێت کە هۆکارەکانی شێرپەنجەکانی ئافرەتانی وەک مەمک و ڕەحم و ملی منداڵدان و هتد.. نەزاندراون، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەمین هۆکاری گەورە ئەو حەبانەن کە پزیشکەکان بۆیان ئەنوسن وەک حەبی مەنع Contraceptive Pill یان هەر حەبێک کە هۆڕمۆنەکانی ئیسترۆجین و پرۆجیسترۆن و سەدەها لە وەرگیراوە جیاوازەکانی ئەم دوو هۆڕمۆنە هۆکارێکی زۆر گەورەن بۆ توشبوون بە شێرپەنجە، بەڵام لە کتێبە توبیەکاندا نوسراوە کە ئەم حەبانە تەنها و تەنها کەمێک ئەگەری شێرپەنجە بەرز ئەکەنەوە، بەهیچ

شێوەیەک وانییە ئێ بەدڵنیاییەوە گەر وانەڵێین ئەوە زۆر کەمتر ئەم دەرمانانە دەفرۆشرێن، ئەو دەرمانە هۆڕمۆنیانە هەر بۆ مەنع کردن نانوسرێن بەڵکو بۆ دەیەها هۆکاری تر دەنوسرێن وەک ڕێکخستنەوەی سوڕی ئافرەتان، بۆ زیپکە و کێشەی دەم و چاو.... جگە لە شێرپەنجە هۆکاری نەخۆشییە Autoimmune disease ەکانیشن، جگە لەمە ئەم ئەنتیبایۆتیکانەی کە پزیشکەکانی پێست بۆ زیپکەی دەنوسن بۆ ئافرەتان بەتایبەتی لە کاتی هەرزەکاریدا بەتەواوی هەڵەیە، ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە کە کار بکەن، وە کاتێک بە حەب دەخورێن تەواوی Microbiome تێک دەدەن، خواردنی ئەنتیبایۆتیک بۆ زیپکە هەڵەیەکی گەورەیە و چەنەها جاریش بە توێژینەوە بەستراونەتەوە بەوەی ئەگەری شێرپەنجەی کۆڵۆن و مەمک زیاد بکەن. لە کاتی سکپڕیدا ئافرەتان پێیان ئەوترێت کە کۆمەڵێک حەب هەن ئاساییەن بەکاربهێندرێن و زیان بە کۆرپەکەی ناگەیەنن، بە هیچ شێوەیەک وانییە هیچ حەبێک هەرگیز نەسەلمێندراوە سەلامەت بێت بۆ کاتی سکپڕی، ئەو حاڵەتانەی کە زانستی پزیشکی ئێستاش ئەڵێیت هۆکاریان نەزاندراوە وەک HELLP SYNDROME و Pre-eclampsia و هتد.. لەو ئافرەتانەدا ڕوودەدات کە حەب دەخۆن لەکاتی سکپڕیدا، حەبەکانی دژە ترشێتی گەدە بە بێزیان دەبیندرێن لە ڕاستیدا ئەلەمنیۆم و ئەو پێکهاتانەی تری کە تێیدایەتی هەمووی لە وێڵاشەوە دەگەن بە مناڵەکەی سکی، بەکارهێنانی هەر کرێم و دژەخۆر و ماددەیەک لە کاتی سکپڕیدا دەکرێت بگات بە مناڵەکەی وەک پێکهاتە بەنزینییەکانی دژەخۆرەکان کە سەلمێندراوە ببنە هۆی Hirschsprung's disease لە مناڵەکە، ئەو هەموو Birth defect و syndrome انەی مناڵان پێوەی لەدایک ئەبن هۆکارەکەیان عیلمی غەیب نییە، زۆرینەیان بەهۆی بەرکەوتەی دایکەکەوەن لە کاتی سکپڕیدا بە ژەهرێک کە هیچ پزیشکێک ناچێت بەدوایدا بگەڕێت و لەسەرەوەشەوە پێمان ئەوترێت کە جیناتن. ئافرەتانی سکپڕ ئێستا لە کاتی سکپڕیدا وایان لێکراوە خەمی ئەو خەتی کشانانەیان هەبێت کە بەهۆی

سکپڕیەکەیەوە دەردەکەوێت و پێیان دەوترێت کرێم بەکاربهێنن،
هەرکەسێک سەیری کرێمەکە و پێکهاتەکانی بکات گومانی بۆ دروست
ئەبێت لەوەی کە ئایە ئەم پێکهاتانەی لەو کرێمەدا هەن ئایە هەڵنامژرێن و
بگەن بە منداڵەکەی ڕەحمی؟ ئەوەی توب لە بەرامبەر ئافرەت ئەیکات
بازرگانییە و زانست نییە، ئێستاکە خۆر کراوە بە شتێک ئەبێت هەمووان
ئەبێت لێی بترسن و دژە خۆر بکەن، شتەکە هێندە لە زانست دەرچووە و
بۆتە بازرگانی کە داوا دەکرێت لە ژورەوەش لە ناوماڵیشدا ئافرەتەکان
دژەخۆر بەکاربهێنن، ئەو دژەخۆرانەی کە هەن لە بەنزین و
وەرگیراوەکانی بەنزینەوە وەردەگیرێن، دژەخۆرە هەرە بەناوبانگ و
گرانەکانی وەک کۆمپانیای La Roche لە ژەهراویترینەکانن،
سەیرێکی پشتەکەی بکە و بزانە ئەسڵەن ناوی پێکهاتەکانت پێ
ئەخوێنرێتەوە؟ ئەو پێکهاتە بەنزینیانە و پێست هەڵیان دەمژێت و دەگەن بە
سوڕی خوێن و لەوێوە دەگەن بە هەموو بەشێکی لەش، شێرپەنجە
دروست کەرن بەئاشکرا بەتایبەتی شێرپەنجەی میزەڵدان، ئەمجارە
لەخۆت بپرسە کە دژە خۆرێک کە لە پێستی دەدەیت بۆ گەر پێوانەی
بکەین لە میزدا دەیدۆزینەوە؟ دژەخۆرەکە لە پێست دراوە بەچی گەیستۆتە
ئەویا؟ 😉 وەڵام: پێست هەڵی مژیوە و تەواوی سوڕی خوێنی کردووە و
بۆ هەموو ئەندام و شانەیەک چووە و لە کۆتایدا گورچیلە لە ڕێی میزەوە
دەیکاتە دەرەوە.

زانستی پزیشکی دەڵێن کە دوو جین هەن بەناوەکانی BRCA1 و BRCA2 کە بەرپرسیارن لە چەند شێرپەنجەیەکی ئافرەتان بەتایبەتی شێرپەنجەی مەمک، لەڕاستیدا ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە و قەت نەسەلمێندراوە، بەهۆی ئەمەوە بێشومار uافرەت مەمکیان بڕاوەتەوە، وە بێشومار uافرەت لە ترس و قەلەقیدان چونکە دایکیان ئەم جینانەی چالاک بووە و وائەزانم بۆماوەییانە ئەمانیش تەواو ئەگەری زۆر بەرزیان هەیە توشی شێرپەنجەی مەمک بن، ئەم دوو جینە قەت نەسەلمێندراوە کە بەژداربن یان گەر On بن ئافرەتان ئەگەریان زیاترە بۆ شێرپەنجەکان بۆیە کردنی فەحس بۆی بێمانا و بێسوودە، هەروەها Cervical Screening یش بەهەمان شێوە ئەوەندەی غەڵەت تەشخیسی تێدایە نیو هێندەش سوودی نییە، کاتێک فەحس بۆ ڤایرۆسی پاپیلۆمای مرۆیی دەکرێت کە بەحساب هۆکاری شێرپەنجەی ملی منداڵدانن بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە، دەکرێت زۆربەی ئافرەتان ئەم ڤایرۆسانەیان هەبێت، وە ئەو ڤاکسینەی کە بۆ ڤایرۆسی پاپیلۆما هەیە (کە خۆشبەختانە لێرە نییە) هۆکاری توشکردنی نەخۆشی کۆئەندامی دەمارە بە هەزارەها لەو مچە گەنجانەی بۆیان کراوە بەس وەک ئۆتیزم و ڤاکسین قەت نەیانهێشتووە بزاندرێت بەهۆی ڤاکسینەوە بووە، ئەمە بە دوور و درێژی لە کتێبی The HPV Vaccine on Trial

دا باسکراوە کە ئەو هەموو شکایەتە لە دروستکەرانی ئەم ڤاکسینە کراوە و لە وڵاتێکی وەک یابان قەدەغە کراوە و براوەی خەڵاتی نۆبڵ Luc Montagnier قسەی لە دژ کردوون.

زۆربەی کەس هەڵگری ڤایرۆسەکانی پاپیلۆمای مرۆیین، هەرگیزا و هەرگیز نەسەلمێندراوە کە هۆکاری هیچ شێرپەنجەیەک بن، وە ڤاکسینەکانی قەت نەسەلمێندراون تاکە سودێکیشیان هەبێت، وە فەحسێکی وەک Cervical screening دێت فەحسی PCR بەکاردەهێنێت کە وەک لە سەرەوە باسیان کردووە دروستکەرەکەی خۆی کە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بووە Kary Mullis داوای کردووە کە هەرگیز بۆ تەشخیسی ڤایرۆس بەکارنەیەن.

قردێلەی پەمەیی Pink Ribbon هەڵەیەکی تری قێزەونی زانستی پزیشکییە بەرامبەر ئافرەتان، داوایان لێئەکرێت ساڵانە یان چەند ساڵ جارێک بچن ئەشیعە لە مەمکیان Mammography بدەن تاوەکو بزانن شێرپەنجەیان هەیە یان نا، هەرچەنە فکرەکەی لە بەسوود ئەچێت و ئەکرێت هەڵخەڵەتێین بەوەی کە بەحساب ئەم فەحسە زووتر شێرپەنجە دەدۆزێتەوە و دەکرێت زوتر و بە باشتری چارەسەری بکات ، بەڵام ڕێک پێچەوانەکەی ڕاستە، پێش هەموو شتێک ئەم فەحسە ئەشیعەیەکی زۆر زۆر ڕێژە بەرز لە هەریەک لە مەمکەکان دەدات، واتە زیاد لە ئەشیعەیەک بەکاردێت و هەر مەمکە و بەجیا بۆی دەکرێت وە باوەڕدەکەیت کە ڕێژەی ئەو ئەشیعەیەی بەکاردێت بەرزترە لە ئەشیعەیەک کە بۆ تەواوی سنگ بکرێت؟ واتە ئەشیعەی مەمک ڕێژەکەی بەرزترە لە تەواوی ئەشیعەیەک کە بۆ تەواوی سنگ بکرێت، جگە لەمە هەڵەی تەشخیس لەڕادەبەدەر زۆرە لە ئەشیعەی مەمکدا، کە ئەشیعەکە دەگریت و پزیشکەکەت دەیبینێت باوەڕبکەیت یان نا دڵنیا نیم کە چۆن بیخوێننەوە وە دڵنیا نیت کە ئەو پەڵانەی ئەیبینن چین و چی نین، چەنەها جار توێژینەوەی گەورە کراوە (بەتایبەتی لە سوید) کە تیایاندا دەرکەوتووە ڕێژەی هەڵە تەشخیس لەڕادەبەدەر زۆرە زۆر ئافرەت

مەمکیان بڕاوەتەوە و عیلاج کیمیاییان وەرگرتووە دوایی دەرکەوتووە ئەسڵەن هەرگیز شێرپەنجەی مەمکیان نەبووە. دوای ئەوەی شک ئەکرێت لە ئەشیعەکەدا گرێیەکی شێرپەنجەیی ببیندرێت داوا دەکرێت کە نمونەیەک Biopsy وەربگیرێت لە گرێیەکە هەرچەنە لەوانەیە بیستبێتت کە ئەمە بێزیانە، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز نەسەلمێندراوە کە ئەم کردارە شێرپەنجەکە بڵاو نەکاتەوە، ئەگەرێکی زۆر هەیە seeding بکات واتە کرداری وەرگرتنی شێرپەنجەکە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی خانەکانی. ئەو دەرمانانەی بۆ شێرپەنجە دەدرێن خۆیان هۆکاری شێرپەنجەن، حەبێک کە دەدرێت بۆ شێرپەنجەی مێشک بە ئافرەتان ناوی Methotrexate ە کە خۆی هۆکاری دروستبونی شێرپەنجەی ئەندامەکانی ترە لە ئافرەتاندا، واتە دەرمانێک دەدرێت بۆ شێرپەنجەی مەمک کە خۆی هۆکاری شێرپەنجەی ترە 🤡.

زۆر ئافرەت کە عیلاج کیمیایی وەرنەگرن زۆر زیاتر و زۆر بە باشتریش دەژین وەک لەوەی عیلاج کیمیایی وەربگرن.

-

کاتێک ئافرەتێک دەچێتە تەمەنی نائومێدییەوە زانستی پزیشکی هەر وازیان لێناهێنێت و ئەڵێت خۆ هەر ساغ ماون بۆ توشی جەڵدەی دڵیان نەکەین؟ بە بیانووی ئەوەی کە چەند نیشانەیەکی سروشتییان لێدەردەکەوێت وەک بێتاقەتی و زانستی و سەرئێشە و کۆمەڵێک نیشانەی تر کە چارەسەرکردنیان ئاسانە و پێویست بە هیچ حەبێک ناکات، زانستی پزیشکی دێت حەبی هرمۆناتیان دەداتێ

(Hormone replacement therapy (HRT

بەڵام ئەم حەبانە هەم ئافرەتەکان توشی شێرپەنجە ئەکەن هەمیش دەبنە هۆی جەڵدەی دڵ و مەیاندنی خوێن و گیرانی بۆڕی خوێن، کامیان باشترە کەمێک نیشانەی وەک ئارەقکردنەوەت هەبێت یان بە خواردنی حەب توشی شێرپەنجە و جەڵدەی دڵ ببیت؟ لە کتێبە پزیشکیەکان نوسراوە کە پێدانی حەبە هۆرمۆنەکان بۆ ئەو ئافرەتانەی چونەتە تەمەنەوە بە

ئەگەرێکی کەمەوە توشی جەڵدەی دڵیان دەکات، بەهیچ شێوەیەک وانییە ڕاستەوخۆ و بە ئەگەرێکی زۆر بەرزەوە توشیان دەکات، بەس ئەوەیە کە کاتێک ئافرەتێک کەمێک چوبێتە تەمەنەوە و حەبی هۆڕمۆنات بخوات و جەڵدە لێت بدات پێی دەوترێت هۆکارەکەی پیربوون و تەمەنە نەوەک ئەو حەبانەی خواردوویەتی 🤡.

-

کاتێک ئافرەتەکان بەتەمەندا دەچن زانستی پزیشکی داوایان لێدەکات بچن ئەشیعەیەک بکەن بە ناوی DEXA Scan کە بۆ زانینی چڕی ئێسک دەکرێت، بۆ ئەوەی گەر ئافرەتێک چڕی ئێسکی کەم بێت حەبی بدرێتێ، ئەو حەبانەشی دەدرێن کۆمەڵێکن بەناوی Bisphosphonates کە زیانیان زۆر زیاترە لە سوود، شێرپەنجە دروستکەرن، ئەو حەبانە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی دروستبونی شێرپەنجەی سورێنچک و گەدە، هەروەها کارەبای دڵ تێک دەدەن، وە ڕەوەی سەیرە ئەمەیە کە ئەم دەرمانانە خۆیان دەبنە هۆی لاوازبوونی ئێسکەکان وەک ئێسکی ڕان Femur و ئەگەری شکانی ئێسقان زیاد دەکەن، ئێ باشە دەرمانێک کو وەربگیرێت بۆ پتەوکردنی ئێسکەکان چۆن دەبێت خۆی ئەگەری شکانی ئێسکەکان زیاد بکات 🤡؟ کوا مەنتق؟ کوا لۆجیک؟ کوا زانست؟ دەرمانەکانی بیسفۆسفۆنەیت زیانیان زۆر لە سوود زیاترە، باشترە هیچ ئافرەتێکی بەتەمەن و کەسی بەتەمەن وەریان نەگرن، ئەمە جگە لەوەی وەرگرتنیان وادەکات بە بەردەوامی نیشانەکانی ئەنفلۆنزات هەبێت، گەر باوەڕ ناکەیت ئەمانە ڕاست بن هەر لە ئینتەرنێت بنوسە Bisphosphonates و لەبارەیانەوە بخوێنەوە، واتە زانستی پزیشکی لەپێناو ئەوەی ئافرەت ڕزگار بکات لە پوکانەوەی ئێسک دێت ئەشیعەیان لێدەدات و دەرمانێکیان دەداتێ کە خۆیان هۆکاری شکانی ئێسک و شێرپەنجە و تێکدانی کارەبای دڵن 🤡! باشترین شت ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک حەبی بیسفۆسفۆنەیت نەدرێت و ئەشیعەکەش هەر ئەسڵەن نەکرێت.

-

بەنزیکەیی تەواوی پرۆسەی لەدایکبوون لە لایەن زانستی پزیشکییەوە هەڵەیە، با باسی چەند دانەیەکی کەمیان بکەین:
ئەو position ەی کە ئافرەتانی سکپڕ تێیدا پاڵدەکەون کاتی منداڵبوون بەتەواوی هەڵەیە و دەرچەی زێی بچوک دەکاتەوە بۆ هاتنە دەرەوەی منداڵ، وە پاڵکەوتن لە کاتی ژاندا هەڵەیە ئافرەتی دووگیان دەبێت بتوانێت بجولێت لە کاتی ژاندا نەوەک پاڵکەوتبێت ئەمە وەک بەسترانەوە وایە، پرۆسەی لەدایکبوون بەم شێوەیە قورس و بەزیان نییە کە زانستی پزیشکی وای لێکردووە، ئەو تەداخولانەی دەکرێن وەک هەڵواسینی پیتۆن Oxytocin و episiotomy هەڵە و بەزیانن، گەر سکپڕیەکە سروشتی بوبێت و دایکەکە هیچ حەبێکی نەخواردبێت و هیچ ڤاکسینێکی ژەهراوی نەکردبێت وە قەلەق نەبێت ئەوە لەدایکبوون زۆر ئاسانترە، ئەو قەلەقی و ترسەی دایکانی سکپڕ هەیانە لە کاتی سکپڕی و لەدایکبوونی منداڵدا هۆکارێکی زۆر گەورەی کێشەکانە، هیچ گرنگییەک نادرێت بە کەمکردنەوەی قەلەقی، کاتێک ئافرەتێکی دووگیان دەچێت بۆ نەخۆشخانەی منداڵبوون ژینگەیەکی تازە، خەڵکی تازە پێدانی هەر دەرمانێک بە ئافرەتی سکپڕ لەکاتی ژاندا کارێکی هەڵەیە، بەتایبەتی پیتۆن OXYTOCIN.

ئەمانەی لێرەدا باسکراون کێشەی تەواو گەورەن کە پێویست دەکات باسبکرێن، وە حلەکانیشیان تەواو ئاسانە، تەنۆروستی سامانە و وە ناکرێت ئەم گەندەڵیە و ڕێژە زۆرە نازانستییە لە زانستی پزیشکیدا هەبێت.

گەر ئەمانەت پێ کێشەی جدی نییە ئەوە بەجدی جێی گومانیت.

با ئەوەش لەبیر نەکەین کە هەموو پرۆسەیەکی پزیشکی دەبێت بنەماکانی ئەخلاقی پزیشکی جێبەجێ بکات

PRINCIPLES OF HEALTHCARE ETHICS

Principle	Definition	Example
Beneficence	Whatever is done or said is for the patient's good.	The benefits of treatment must outweigh the risks.
Autonomy	Respect for the person and his or her right to self-determination.	It is the patient's right to decide which treatments they do or do not receive.
Nonmaleficence	Whatever is done or said will do the patient no harm.	Never lie to patients.
Justice	Equitable allocation of healthcare resources according to need, not wealth, class creed, or color.	Treat patients based on medical needs.

دەبێت سوودی هەبێت، سوودی لە زیانی زیاتر بێت، دەبێت مافی بڕیاردان ببەخشرێت بە چارەخواز، ئایە هیچ کام لەمانە ئەکرێت؟ کاتێک ڤاکسینی Hepatitis b بۆ منالێک ئەکرێت بە دایک و باوکەمە ئەوترێت جیوە و ئەلەمنیۆمی تێدایە؟ پێیان ئەوترێت کە هیچ سوودێکی

نییە و تا ١٠ ساڵی کاریگەری نامێنێت و دەبێت دووبارە بکرێتەوە؟ کە دەرزی ڤیتامین کەی بۆ مناڵ ئەکرێت ئەوترێت کە لەجێی ئەوە قەترە بوونی هەیە و سەلامەت ترە؟
ئایە ئەمانە شکاندنی ئیسیک و بنەما ئەخلاقیەکانی پزیشکی نین؟

ڕەنگە خوێندنەوەی ئەم ڕاستیانە زۆر بن بۆت و لە کفری زانستی بچن، وەک لە سەرەوە وتمان بڕوا بە هیچی مەکە و خۆت بگەڕێ، وە گەر تۆ موسوڵمانیت ئەوە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانیت کە زۆرینەی خەڵک:
(وَأَكثَرُهُم كَاذِبُونَ) زۆربەیان درۆزنن
(وَأَكثَرُهُمُ الفَاسِقُونَ) زۆربەیان فاسقن
(وَأَكثَرُهُم لاَ يَعقِلُونَ) زۆربەیان ژیرو عاقڵ نابن
(وَأَكثَرُهُمُ الكَافِرُونَ) زۆربەیان کافرن
(وَأَكثَرُهُم لِلحَقِّ كَارِهُونَ) زۆربەیان حەق و ڕاستیان پێ ناخۆشە
ڕاستییەکان هەمیشە بە سێ قۆناغدا تێپەڕ ئەبن:

هەموو ڕاستییەک بە سێ قۆناغدا تێپەڕ ئەبێت، یەکەمجار گاڵتەی پێئەکرێت، دواتر بە توند و تیژانە دژایەتی ئەکرێت و لەکۆتایشدا وەکو ڕاستی قبوڵ ئەکرێت.

ڤاكسينەكان ژەهرن و هۆكاری ئۆتیزمن